# تاهیرسالَح شەریف لەوەڵامی " دەنگەکان " دا

**دەنگەکان:** پاش ئەم گۆڕانکارییە سیاسیی و ئابوریی و کۆمەڵایەتییانەی لە ماوەی ئەم سەدەو نیوەدا بەسەر مرۆڤایەتی هاتووە ، ئاسۆیەکی تر ، گەڕانەوەیەکی تر، بۆ مارکسیزم چۆن دەبینیتەوە ؟

**تاهیرسالَح:** پرسیارەکەتان زۆر لەوە ئالۆزترە کە بتوانین لە پرسیارو وەڵامێکی خێراو سەرپێی ئەوهادا ئەو ئاسۆیە لە فراوانترین و دوورترین ئاستی خۆیدا دەستنیشان بکەین و ببینینەوە . پێیشم وایە کە وەڵامدانەوەیەکی کۆنکرێت بە پرسیارەکەتان ، بابەتی نووسینی سەدان کتێب و توێژینەوەی تیۆری و ئەکادیمییە . ئەوەی کە دەکرێت لێرەدا بیڵێین، تەنها زانیارییەکی گشتییە کە لە بارەی مێژووی سەد و پەنجا ساڵی ڕابردووی جیهانەوە هەمانە . بە بۆچوونی من، لە پێشدا دەبێت خودی ئەو گۆڕانکارییە ئابوری، سیاسی، کۆمەڵایەتی و فکرییانە بزانین و بناسین کە لە ماوەی سەدوپەنجا ساڵی ڕابردوودا لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیدا ڕوویان داوە . مارکسیزم لە جەرگەی ئەو ئالوگۆڕ و گۆڕانکاریانەوە سەری هەڵداوە، گەشەی کردووە و دواتریش هەر لە درێژەی ئەو گۆڕانکاریانەدا بووە کە خراوەتە پەراوێزی کۆمەڵگە و ڕووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتییە جیهانییەکانەوە .

ئەو گۆڕانکاریانەی کە لە ماوەی یەک سەدە ونیوی ڕابردوودا ڕوویانداوە، زنجیرەیەک کارەسات و ڕووداوی ئابوری، سیاسی و کۆمەڵایەتی لە مێژووی ڕەش و خوێناوی ڕژێمی سەرمایەداری جیهانیدا پێکدەهێنن . مارکسیزمیش هەم وەک جووڵانەوەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و هەم وەک تیۆرییەک و زانستێکی کۆمەڵناسی لە ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەو کارەسات و ڕووداوانەدا بووە و لەگەڵیاندا تێکهەڵکێشکراوە .

لێرەدا من نامەوێت بچمە سەرباس وخوێندنەوەیەکی هەمەلایەنە و باسکردنی ووردەکارییەکانی ڕووداوەکانی یەک سەدەو نیوی ڕابردوو، چونکە وەک لەپێشەوە ووتم چوونە سەر باس و خوێندنەوەیەکی لەوجۆرە کاتی زۆر لەوە زیاتری دەوێت کە ئێمە بتوانین لێرەدا قسەیان لەسەر بکەین . لەبەر ئەوە، لێرەدا هەوڵدەدەم سەرەداوی گشتی ئەو ڕووداو و گۆڕانکارییانە لە چەند خاڵێکدا کۆبەندی بکەم و دواتریش لە بەر ڕۆشنایی ئەوانەدا وەڵامێکی گشتی بەپرسیارەکەتان بدەمەوە . لە ڕوانگەی منەوە، ئەو ڕووداو و گۆڕانکارییە گەورانەی کە لە یەک سەدەونیوی ڕابردوودا ڕوویانداوە، بریتین لە :

**1 ـ** بە جیهانی بوونی سەرمایەداری وەک فۆرماسیۆنێکی ئابوری، کۆمەڵایەتی و مێژوویی و بەم پێیەیش بە جیهانی بوونی کێشەی کارو سەرمایە .

**2 –** گۆڕانی سەرمایەداری لە قۆناغی پێشبرکێی ئازادەوە بۆ قۆناغی مۆنۆپۆڵی و لە سەر ئەم بنەمایەشەوە دابەشبوونی سەرمایەداری جیهانی بۆ وڵاتانی ئیمپریالیزم و وڵاتانی وابەستە بە ئیمپریالیزم .

**3 –** ڕوودان و دووبارە بوونەوەی ئەزمە ئابورییە دەورەییەکانی شێوەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری لە جیهانیدا و توانایيەکانی ڕژێمی سەرمایەداری بۆ دەربازبوون لەو ئەزمانە .

**4 –** بەرپا بوونی دوو جەنگی جیهانیماڵوێرانکەر و دەیان جەنگی ناوچەییتر ، وەک ئاکام و ڕێچکەی لۆجیکی ئەزمە ئابورییەکانی ڕژێمی سەرمایەداری .

**5 –** دەرکەوتنی فاشیزم و ڕەگەزپەرستی وەک دژی مرۆییترین بیروباوەڕەکانی چینی بۆرژوازی .

## تاهیرسالح شەریف لەوەڵامی " دەنگەکان " دا

6 – ڕووداني کۆمۆنەی پاریس، شۆڕشی ئۆکتۆبەری 1917ی ڕوسیاو شۆڕشی چین، وەک کاردانەوەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی بەرامبەر بە ناعەدالەتی، جەنگ، هەژاری و نەدارییەک کە ڕژێمی سەرمایەداری بەرهەمی هێناوە لە دنیادا .

7 – دەستپێکردنی جەنگی سارد و دابەشبوونی جیهان بۆ دوو جەمسەری ڕۆژهەڵات و ڕۆژ ئاوا و پاشانیش کۆتایی جەنگی سارد و هەرەسهێنانی کەمپی بە ناو سوشیالیزمی سۆڤییەتی .

8 – خۆ نوێکردنەوەی سەرمایەداری لە ڕێگای بەرپاکردنی شۆڕشی تەکنەلۆجیای زانیاری و دیجیتاڵیزەکردنی پرۆسەی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتییەوە .

بەبڕوای من ئەوانە سەرەداوی گرنگترین ئاڵوگۆڕەکانی یەک سەدەو نیوی ڕابردوو پێکدەهێنن و بە بێ ناسین و شیکردنەوەی ئەوانەیش مەحاڵە کە بتوانرێت ئاسۆی سەرلە نوێ هەستانەوەو جەماوەری بوونەوەی مارکسیزم دەستنیشان بکرێت ... بەهەرحاڵ ، من لەو بڕوایەدام کە ڕژێمی سەرمایەداری، بە تایبەتی لە چل ساڵی ڕابردوودا، گۆڕانکارییەکی چلۆنایەتی گەورەی بەخۆیەوە بینیوە . ئەم ڕژێمە بە بەکارهێنان وپەرەپێدانی زانستەکانی وەک فیزیا، کیمیا، ماتماتیک، بایەلۆجی وتاد...لە پرۆسەی بەرهەمهێناندا، توانیویەتی کەگەورەترین شۆڕش لە ناوخۆی خۆیدا بەرپا بکات و بۆ سەردەمێکی نادیار، دووبارەخۆی نوێو پێناسە بکاتەوە . سەرەڕای ڕووداني ئەو ئەو شۆڕشە لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتیدا، بەڵام ئەم ڕژێمە نەیتوانیووە بنەڕەتیترین کێشەی ناوەکی خۆی، کە مارکس ئاشکرای کردووە، واتە پەیوەندی ناکۆکی کارو سەرمایە چارەسەر بکات . شێوەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری هەرچی زیاتر گەشە بە خۆی بدات، ناکۆکییە ناوەکییەکانی خۆیشی ئاشکراتر دەکات و ئەزمە جۆراوجۆرەکانی، بە تایبەتی ئەزمە ئابورییەکانی ، لە پێوەرێکی جیهانیدا دەتەقنەوە . ڕژێمی سەرمایەداری بۆ خۆ دەربازکردن لە ئەزمەکانی و بۆ دەستپێکردنەوەی خولێکی نوێ لە کەڵەکەکردنی سەرمایەو قازانج، دوو ڕێگا چارەی سەرەکی لەبەردەمدایە : یان ئەوە تا دەبێت جەنگە خوێناوی و وێرانکەرەکان بەرپا بکات و دەست بە داگیرکاری بکات، یان ئەوەتا دەبێت هێرشێکی سیستماتیکی ئابوری و سیاسی ( کە خۆی لە کەمکردنەوەی کرێ، گرانی، بێکاری، هەژاری، بەرتەسکردنەوەی ئازادییە سیاسییەکان و تاد... دەبینێتەوە ) بکاتە سەر ژیان و گوزەرانی چینی کرێکار و توێژە کۆمەڵایەتییە ژیان ناوەنجییەکان. ئەمە ئەو ڕاستییەیە کە مارکس لەبەشێکی شیکردنەوە زانستییەکەیدا دەربارەی ئەم ئەزمە ئابورییەکانی ئەم ڕژیمە بەرهەمهێنانە دیاریکراوە مێژوویيە ئاشکرای کردووە، نەک تەنها ئەوەیش،بەڵکو تەنانەت مارکس ڕێگاچارەی یەکجارەکیشی بۆ بنەبڕکردنی ئەو کارەسات و بەڵایانە دۆزیوەتەوە کە ئەم ڕژێمە بەسەر مرۆڤایەتیدا هێناوە و دەهێنێت، ئەو ڕێگاچارەیەیش بریتییە لە ڕەگەوە لەناوبردنی ئەم شێوە بەرهەمهێنانەو جێگاگرتنەوەی بە سیستمێکی بەرهەمهێنانی نوێی ئیشتراکی ... .
لێرەدا با بۆ ساتێک ڕاووەستین و ئەم پرسیارە لە خۆمان بکەین کە ئایا مرۆڤایەتی بەوە ڕازییە و ئەوە قەبوڵ دەکات کە بۆ هەتا هەتایە لە بازنەی شەڕ، گرانی، بێکاری، برسێتی و بێ مافیدا بخولێتەوە ؟ بەش بەحاڵی خۆم بڕوام بەوە نییە کە مرۆڤایەتی هەر لەو بازنەیەدا بخولێتەوەو بیرێک لە چارەسەری ئەو کوێرەوەری و بەڵایانە نەکاتەوە کە سەدان ساڵە بەسەریدا سەپێنراوە . کەوایە چارەسەرەکە چییە ؟ لە هەر ڕێگایەکەوە بیری لێبکرێتەوە، سەرئەنجام مرۆڤ هەر بە هەمان بیروڕاو چارەسەرێک دەگات کە مارکس هێناویەتە کایەوە، واتە دەبێت ئەم شێوە بەرهەمهێنانە کە لەسەر بناغەی خاوەندارێتی تایبەتی بنیاتنراوە، لە ڕەگەوە بگۆڕدرێت و شێوەیەکی نوێی بەرهەمهێنان جێگای بگرێتەوە . لێرەوەیەکە بەو ئەنجامە دەگەین کەمارکسیزم ئاسۆیەکی ڕوونی لەبەردەمدایەو بەناچاری دەبێت مرۆڤایەتی بگەڕێتەوە بۆ هەمان ڕێگاچارەیەک کە مارکس دۆزیویەتەوەو پێشنیاریکردووە . یان سۆشیالیزم و عەدالەتی کۆمەڵایەتی، یان جەنگ و کوشتار، کوێرەوەری و برسییەتی و بەربەریەتی سەرمایەداری . ڕێگای سێهەم لە بەردەمی مرۆڤایەتیدا نەماوەتەوە .

# تاهیرسالّح شەریف لەوەلاّمی " دەنگەکان " دا

**دەنگەکان: ئایا مارکسیزم ، بەهای تازەگەری خۆی لە دەست نەداوە ، ئەگەر لە دەستی نەداوە چۆن دەتوانێ حزووری خۆی ، گونجانی عەمەلی خۆی لە چەرخی بیست ویەکدا بسەلمێنێ ؟**

**تاهیرسالّح:** وابزانم لە وەلاّمی پرسیاری پێشوتاندا کەم تازۆر تیشکم خستە سەر بەشی یەکەمی پرسیارەکەتان و لێرەیشدا هەر ئەوەندە دەلێم کە مارکسیزم نە ئاینێکی ئاسمانییە و نە ئایدۆلۆژیایەکی خەیالّییە، هەروەها نە مارکسیش پێغەمبەرێکە، بەلّکو تیۆری مارکسیزم میتۆدێکی زانستییە هەم بۆ گۆڕینی کۆمەلگە و مێژوو، هەم زانستێکی کۆمەلّناسیشە . مارکسیش، مرۆڤێکی شۆڕشگێڕە کە زانستی شۆڕشگێرانەی داوەتە دەست ئێمە، بەلاّم بەو تایبەتمەندییەوە کە مارکس لە ئێمە قولّتر بیری لەکێشەکانی ژیانی هاوچەرخ و چارەسەرکردنیان کردووەتەوە.
میتۆدی مارکسیزم ، کە بناغەکەی ماتریالیزمی مێژوویی و ماتریالیزمی دیالیکتیکە ، وەک مارکس دەلّێت " پیرۆزبوون و نەگۆڕبوونی هیچ دیاریدەو شتێک بەسەر خۆیدا قبولّ ناکات " ، بەم واتەیە کە لەگەلّ هەموو زانستە سروشتی و مرۆییەکانی دیکەدا خۆی دەگونجێنێت و ئەوە دەسەلمێنێت کە مێژوو ، هیچ شتێک نییە جگە لە زنجیرەیەک ئالّوگۆڕو ڕووداوی یەک بەدوای یەک و بەردەوام کە لە درێژەی خۆیدا شێوەکان و فرماسیۆنە ئابوری وکۆمەلاّیەتی جیاوازەکانیش جێگۆڕکێ پێدەکات . لە ڕاستیشدا مارکسیزم وەک تیۆری ومیتۆدێکی زانستی، لەدرێژەی ڕەخنەگرتن لەکەموکوڕییەکانی ئابوری ئینگلّتەرە ( تیۆرییە ئابورییەکانی ڕیکاردۆ و ئادام سمیس ) و سۆشیالیزمی فەرەنسی ( تیۆرییە سۆشیالیستییەکانی سان سیمۆن ، فۆریە و پرۆدۆن ) و فەلسەفەی ئەلّمانیا ( فەلسەفەی دیالّێکتیکی هیگل و ماتریالیزمی فیورباخ ) ـ بڕوانە : سێ سەرچاوە و سێ بەشی مارکسیزم ، لە نووسینی لینین ـ پێی خستووەتە بوونەوە ... بەهەرحالّ ، دەمەوێت ئەوە بلێم کە سەرتاپای کتێبی ئایدۆلۆژیای ئەلّمانییەکەی مارکس و ئینگلس، ئەوەڕەتدەکەنەوەکەمارکسیزم ئایدۆلۆژیایەیک بێت بە کۆمەلێک ئەحکامی دۆگم و نەگۆڕەوە ، بە پێچەوانەوە ، تەوەرەی سەرەکی ئەو کتێبە لەم دوو پەرەگرافەدا کورت و پوختکراوەتەوە کە دەلّێت :" هەتاکو ئەمڕۆ ، مرۆڤەکان بیروڕای هەلّەیان دەربارەی خۆیان وئەوەی کەهەن ، یاخود ئەوەی کە دەبێت بین ، دروستکردووە ، پەیوەندییەکانیان بەپێی بیروڕاکانیان دەربارەی خودا و مرۆڤی ئاسایی و ....ڕێکخستووە . بەرهەمەکانی ئەقلّیان لە ژێر دەستەکانسان چووەتە دەرەوە . ئەم خولّقێنەرانە لە بەردەمی خولّقاوەکانیاندا بەچۆکدا هاتوون . با ئەمانە لە وەهم و فکرەکان و ئەو بیروڕا خەیالّیانەی کە لەژێر زنجیریاندا دیلکراون ، ڕزگار بکەین . با لەدژی ئەم دەسەلاّتی فکرە یاخی ببین . ـ وەرگیراو لە پێشەکی ئایدۆلۆژیای ئەلّمانی " . لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە مارکسیزم لە بناغەوە دژ بە ئایدۆلۆژیا وهەمییە جۆراوجۆرەکانی مرۆڤ ، توانیوییەتی وەک میتۆد و جیهانبینییەکی کاملّ وزانستی قەوارە بەخۆی دەدات . لەبەر ئەوە ، قسەکردن لەوەی کە مارکسیزم ئایدۆلۆژیایەکە و بەسەرچووە، جگە لە بوختانێکی سەرمایەدارەکان وبیریارەکانیان بۆ کەمکردنەوەی بەهای زانستی جیهانبینی مارکسیزم و نیشاندانی ئەو وەک ئایدۆلۆژیایەک و وەحێکی دابەزێنراوی ئاسمانی، هیچ شتێکی ترنییە . با ئەم کێشەیە بە گریمانێک کۆتایی پێبهێنم و دوای ئەویش بگەڕێمەوە سەر بڕگەی دووەمی پرسیارەکەتان . ئەگەر سەرمایەداری توانیویەتی چارەسەری ئەو گیروگرفتە ناوەکییانەی خۆی بکات کە مارکس لە کتێبی سەرمایەکەیدا دەستنیشانی کردوون و دۆزیونیەتەوە ، ئەوا من یەکەم کەس دەبم کە تەیدی ڕژێمی سەرمایەداری بکەم و بلێم ئێمە لە کۆتایی مێژوودا دەژین !! . لە ئەوا گریمانێکدا ، کتێبی سەرمایەی مارکسیش هەموو بەهایەکی زانستی خۆی لە دەستدەدات و دەبێتە چیرۆک و ئەفسانە بەسەرچووەکان.

بگەڕێمەوە سەر بڕگەی دووەمی پرسیارەکەتان . بە بۆچوونی من، مارکسیزم دەتوانێت لە دوو بواردا هەستێتەوە سەرقاچەکانی خۆی : یەکەمیان لە بواری تیۆریدا و دووەمیان لە بواری پراکتیکدا . مەبەستم لە بواری

تیۆریدا ئەوەنییە کە ( اعاده النظر )ێک لە بنەما زانستییەکانی مارکسیزمدا بکەین ، بەڵکو مەبەستم لە بواری تیۆری ئەوەیە کە مارکسیستەکانی دنیا دەتوانن بە کەڵک وەرگرتن لە زانستەکانی سەردەم ئەم تیۆرییە دەوڵەمەندتر بکەن و دووبار مارکسیزم وەک میتۆدێک بۆ ڕەخنەگرتن لە ئایدۆلۆژیا وەهمییەکان و قوتابخانە فکرییە نوێییەکانی سەرمایەداری ( مەبەستم تیۆری و باسە فەلسەفی ، ئابوری و سیاسییەکانە کە ئەمڕۆ لە ناوەندە ئەکادیمییەکانی سەرمایەداری ڕۆژئاوا لە گۆڕێدایە ) بەکار ببەنەوە . ئەمڕۆ هەوڵێکی سەرەتایی لە لایەن مامۆستا و قوتابییە مارکسیستەکانی زانکۆ ڕۆژئاواییەکان و هەندێک ناوەندی سیاسی و ئەکادیمی دیکەی ڕۆژئاواییدا لەو ڕووە دەبینرێت . ئەگەرچی ئەو هەوڵانە بەنرخن و هەندێک لە کێشە تیۆرییەکانی مارکسیزمی ئەمڕۆ یەکلایی دەکەنەوە، بەڵام لە ڕاستیدا هەوڵەکان زۆر سەرەتایین و قەتیس بوونی باسەکانیشیان لە چوارچێوەی ناوەندە ئەکادیمییەکاندا، یان تەعمیم نەکردنەوەی باسەکانیان بەسەرکێشە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکانی کۆمەڵگەکانیاندا، لە ڕاستیدا تەنها وەک هەوڵێکی ئەکادیمی و بێ سەرئەنجام دەمێنێتەوە ، بەڵام بەهەرحاڵ هەوڵێکی پۆزەتیڤە لە بواری هەستانەوەی مارکسیزم لەسەر ئاستی تیۆریدا . بۆ ئەوەیشی کە مارکسیزم بتوانێت بوونی خۆی لە سەدەی نوێدا بسەلمێنێت ، بە بۆچوونی من ئەم کێشەیە لە دوالێکدانەوەدا پەیوەست دەبێتەوە بەوەوە کە مارکسیستەکان چ وەڵامێکی تیۆری و سیاسی کۆنکرێت بە پرسیارە کۆمەڵایەتی و چینایەتییەکانی سەردەمی خۆیان دەدەنەوە . دنیا و مێژوو بە دورشم ، کاری ئانارشیستی و هات و هاوار ناگۆڕدرێت ، بەڵکو بە زانست و بە پراکتیکی کۆمەڵایەتی هوشیارانە دەگۆڕێت . سەردەمی دروشمی باق و بریق بەسەرچووە و هیچ کەسێک دروشمەکان ، هەرچەندەکە جوان و ئاڵو والایش بن ، بە پولێکی قەڵب ناکڕێت ، یان پەلاماردان و هەڵکوتانە سەر دامودەزگا سەرمایەدارییەکان ، بەبێ بەرنامەیەک بۆ گۆڕینی شێوەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری ، لە جوڵانەوەیەکی خۆبەخۆیی و ئانارشیستی تێپەڕ ناکات و ئەمەیش سەرئەنجامێکی نابێت کە بزووتنەوەی چارتییەکانی ئینگڵتەرە نموونەیەکی ڕوونە لە مێژووی بزووتنەوەی کرێکاریدا و ئەو کاردانەوانەی کە ئەمڕۆ بزووتنەوەی ئەنتی گلۆبالیزەیشنیش لەخۆی نیشانیدەدات ، جۆرێکە لەو جووڵانەوە بێسەرئەنجام ، ئانارشیستی و خۆبەخۆییە . مارکسیستەکانی جیهان ئەگەر بیانەوێت دووبارە لەسەر شانۆی سیاسەتی نێودەوڵەتیدا دەربکەونەوە و مارکسیزم لەم ئاستەنگییەی هەنوکەی ڕزگار بکەن ، دەبێت ئەوە ڕوون بکەنەوە بۆ مرۆڤایەتی کە پێشبڕکێی چەکە ئەتۆمی و بایەلۆجییەکان ، کە ئەگەری ئەوەی هەیە لە هەر چرکە ساتێکدا ژیانی مرۆڤایەتی بۆ هەمیشە نابوت بکات ، نەک لەم سەدەیەدا کۆتایی پێنایەت ، بەڵکو پەرەی زیاتریشی پێدەدرێت لەلایەن دەوڵەت سەرمایەدارییەکانەوە . دەبێت ئەوە بۆ مرۆڤایەتی بسەلمێنن کە لە هەر چرکەساتێکدا ، بەهۆی ئەو پێشبڕکێیەوە ، تەنانەت ئارامترین کۆمەڵگەی ڕۆژ ئاواییش لە بەردەم هەڕەشەی لە ناوچووندایە . دەبێت دووبارە ئەوە بۆ مرۆڤایەتی ئیسپات بکەنەوە کە جەنگیش تەنها ئەڵتەرناتیڤ و میکانیزمێکە بە دەستی سەرمایەداری ئیمپریالیستییەوە بۆ دەربازبوون لە ئەزمە ئابورییەکانی و مرۆڤ کوژی و داگیرکاریش یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی ڕژێمی سەرمایەداری و لێیجودا نابێتەوە. بێ مافی ژنان و بەکاڵابوونی جەستەیان لە بازاڕی بە ناو شارستانیترین کۆمەڵگە ڕۆژئاواییەکاندا، تایبەتمەندییەکی ئەم سیستمە بەرهەمهێنانەیەو لێیجودا نابێتەوەو ئەم کێشەیە سەرچاوەکەی نەک پیاوان، بەڵکو خودی شێوەی بەرهەمهێنانی سەرمایەدارییە و پیاوانی سەربەچینە هەژارەکانیش هەروەک ژنان کۆیلە و قوربەنییەکانی ئەم ڕژێمە چیتایەتییەن . کێشەی هەژاری و دواکەوتوویی لەوڵاتانی ناسراو بە جیهانی سێیەمدا ، کێشەیەکە کە بەهۆی دابەشبوونی نەیەکسانی داهات و سامانی کۆمەڵایەتییەوە دروست بووە و سەرچاوەی ئەوەیش باڵادەستی ئیمپریالیزم و کۆمپانیا فرەڕەگەزییەکانە، نەک هیچ هۆیەکیتر . کێشەی پیس بوونی ژینگە و مەترسی کونبوونی ئۆزۆن و مەترسی تووشبوونی ملیۆنەها مرۆڤ بە نەخۆشی شێرپەنجە، هۆیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوە کە قازانجپەرستی سەرمایەداری، مەترسی کارەساتی سروشتیشی بۆ مرۆڤ دروستکردووە . کێشەی نەخۆشی ئەیدز لە وڵاتانی ئەفریقا و بێدەربەستی وڵاتانی سەرمایەداری باکور بەرانبەر بە بنەبڕکردنی ئەو کێشەیە ، کارەساتی مرۆیی ترسناکی بەبەردەوامی لێدەکەوێتەوە . کێشەی بەجیهانیکردن، کۆلۆنیالیزمی نوێ، پێشێلکردنی مافی نەتەوە و

## تاهیرسالَح شەریف لەوەلامی " دەنگەکان " دا

ولاتە بچوکەکان، یان چارەسەرنەکردنی هەندێک لە کێشە نەتەوایەتییەکان ( وەک کێشەی کورد ، تامیلییەکانی سریلانکا ، چیچانییەکان و ...) ،سەرچاوەکەی ئیمپریالیزمی هاوچەرخەو دەبێت مارکسییەکان جیهان وەلام و ڕێگاچارەی بەکردەوە بۆ ئەو کێشانەیش بدۆزنەوە . کێشەی ئابوری بازاڕ و بازاڕی ئازادی لیبرالیزم ، ژیانی چینی کرێکار و توێژە کەم دەرەمەدەکانی دنیا لە گەلّ هەژاری و نەداری زیاتردا بەرەو ڕوو دەکاتەوە . پێویستە مارکسیستەکان ڕەخنەی مارکسیستی لەم مۆدیلە ئابوورییە و کارکردە زیانبارو ترسناکەکانی بگرن و چینی کرێکار و توێژە ژیان ناوەنجییەکان هانبدەن بۆ خەبات لەدژی ئاکامە زیانبارەکانی فرۆشتنی دامەزراوەخزمەتگوزارییە دەولّەتییەکان بە کەرتی تایبەتی .... ئەوانە و زۆر کێشەی دیکەیش هەیە کە مارکسیزم دەتوانێت سەرلەنوێ خۆی تیاندا پێناسە بکاتەوە .

**دەنگەکان : ئەوەی لە سۆڤییەت و وولاّتانی ئەورووپای ڕۆژهەلاّت ڕوی دا ، هەرەسی ڕژێمە عەسکەرتاریەکان بوو ، بەلاّم لە بەر هەر هۆیەك بووبیّ لە باری مێژوویەوە تا ئەمڕۆش ، ئەم هەرەسە کراوەتە ئۆباڵێکی گەورە ، بە سەرمارکس و مارکسیزمدا ، بەڕای ئێوە ئەمەی ڕووی دا ، هەرەسی چی بوو ؟**

**تاهیر سالّح:** لە سالّی 1993 دا، لەوەلاّم بە چەند پرسیارێکی گۆڤاری ( دوارۆژ )دا، کە لەلایەن برای بەڕێز کاك ( فواد قەرەداغی )یەوە بە هەمان مەبەست ئاراستەمکرابوو، وەلاّمی کۆنکرێتی خۆمم بە هەمان پرسیاری بەڕێزیشتان داوەتەوە . لێرەیشدا هەولّدەدەم کەخۆم لە دووبارەکردنەوەی هەمووئەو وەلاّمانە بپارێزم کە لە بارەی هەرەسی سۆڤییەتەوە دابوومەوە بە گۆڤاری ناوبراو ، چونکە هەرکاتێک ئەو گۆڤارەم بەدەست بگاتەوە ، جارێکیتر لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت دەقی هەمان گفتوگۆ بەبیّ دەستکاری بلاّودەکەمەوە ... بەهەرحالّ ، خالّێک کە لە پرسیارەکەی ئێوەیشدا سەرنج ڕاکێشە، ئەمەیەکەجۆرنالّیزمی سەرمایەداری ئۆبالّی هەرەسەکەیان خستبووە ئەستۆی مارکس . با ئێمەیش لێرەدا بۆ ساتێک ڕابوەستین و چەند پرسیارێک لە خۆمان بکەین : ئایا لە سۆڤییەتی پێشوودا سۆشیالیزم وەک سیستەمێکی ئابوری جێگیرکرابوو ؟ ئایا ئەو شێوە بەرهەمهێنانەی کە بەدوای ڕوخاندنی ڕژێمی قەیسەر و سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەردا لە سۆڤییەتدا جێگیرکرا بوو ، شێوەبەرهەمهێنانێکی سۆشیالیستی بوو ، بەو چەمکەی کە مارکس لەنامیلکەی ڕەخنە لەبەرنامەی گۆتا ، مانیڤێست و چەندین سەرچاوەی دیکەی باسی دەکات ؟ ئەگەر وەلاّمی ئەو دوو پرسیارەی سەرەوە بسەلمێنرێت ، ئەوا دەلّێم کە( بەلّیّ )لە سەدە سەد ئەوە هەرەسی سۆشیالیزم بووە ، بەلاّم بەبڕوای من و بە پێی بەلّگەنامە، نووسراوەکان و باسە ئابورییەکانی لێنین و ئەندامانیتری حیزبی کۆمۆنیستی سۆڤییەت لە سالّەکانی 1919 تا 1928 ئەوە دەسەلمێنرێت کە سۆشیالیزم وەک شێوەیەکی بەرهەمهێنان و بەو شێوەیەی کە مارکس و ئینگلّس لە کتێب و نامیلکە جۆراوجۆرەکانیاندا باسیانکردووە ، هەرگیز لە کۆمەلّگەی سۆڤییەتی سەردەمی لینین و پاش مردنی ئەویشدا بنیاتنەنرا بوو . لەبەر ئەوە ناکرێت کە باس لە مردن و فەوتانی دیاریدەیەک بکەین کە هێشتا نەهاتبێتە بوونەوە . من لێرەدا قسەم لە نییەت پاکی شەخسی لینین و وەفاداری ئەو نییە بۆ چینی کرێکاری ڕوسیا . بەڕاستی لێنین مرۆڤێکی دلّسۆزو وەفاداری چینی کرێکار، خەلّکی هەژاری ڕوسیا و نەتەوەژێردەستەکانی دنیا بوو، بەلاّم دلّسۆزی و نییەت پاکی شتێکە و ئەو هەلومەرجە بابەتی و کۆمەلاّیەتییەی کە دەتەوێت بیگۆڕیت و لەگەلّی بەرەو ڕوو دەبیتەوە شتێکی دیکەیە . هەمیشە مرۆڤ لەگەلّ ئەو ماتریالّ وکەرەستەیەدا مامەلّە دەکات کە لەبەردەستیدایە . هەلومەرجێکی کۆمەلاّیەتی ، ئابوری و سیاسی کە لێنین و بەلّشەفییەکان لەگەلّیدا بەرەو ڕوو ببوونەوە و کاریان لەسەردەکرد ، بەڕاستی دەلّێم ئامادە کە نەبوو بوو بۆ شۆڕشی سۆشیالیستی و کۆمەلّگەی ڕوسیا، هێشتا پێشمەرجە ماددی و مێژووییەکانی ( بەوشێوەیەی کە ئێمە لەمارکسەوە بیستومانە ) ڕوودانی شۆڕشی سۆشیالیستی فەراهەم نەکردبوو، کە هەر ئەوەیشە وا دەکات شۆڕشی ئۆکتۆبەر لە نیوەی ڕێگادا ڕابوەستێت و لە ڕووی سیاسیشەوە بەرەو دواوە بگەڕێتەوە و سەرئەنجامیش بە دەسەلاّتی دیکتاتۆریانەی ستالینی کۆتایی پێبێت و کۆمەلّگەیەکی

## تاهیرسالّح شەریف لەوەلامی " دەنگەکان " دا

داخراو لە سەر بنەمای ئابوری ( سەرمایەداری دەولّەتی ) لە سۆڤییەتدا بنیات بنێرێت. مارکس هەرگیز نەیگوتووە کە سۆشیالیزم لە کۆمەلگەیەکی دواکەوتوودا، کە پێش مەرجە ماددییەکانی پەرپا بوونی شۆڕشی سۆشیالیستی تێدا نەبێت، دادەمەزرێت . ئەوە هەلّەیەک بوو کە لینین و زۆربەی بەلّشەفیەکان لە ڕووی لێکدانەوەی مەسەلە ستراتیژییەکانی شۆڕشەوە دووچاری بووبوون، چونکە کۆمەلگەکەیان پێشمەرجە ماددی و مێژووییەکان بەرپاکردنی شۆڕشی سۆشیالیستی تێدا فەراهەم نەهات بوو . سەرمایەداری وەک شێوەیەکی بەرهەمهێنانی مێژوویی گەشەی نەکردبوو. ناکۆکی نێوان هێزەکانی بەرهەمهێنان و پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان ، بەو شێوەیەی کە مارکس لە پێشەکی کتێبی ڕەخنە لە ئابوری سیاسیدا بۆمانی باسکردووە و ئەوەیش بەهۆکاری سەرەکی دەستپێکردن و بەرپابوونی شۆڕشی کۆمەلایەتی دەزانێت ، هەرگیز لە کۆمەلگەی ڕوسیای پێش شۆڕشی ئۆکتۆبەردا بەدی ناکرێت . کۆمەلگەی ڕوسیای پێش شۆڕش ، کۆمەلگەیەکی نیمچە سەرمایەداری و نیمچە فیودالّییە و تەنانەت پاشماوەی شێوەکانی بەرهەمهێنانی پێش لە دەرەبەگایەتیشی تێدا بەدی دەکرێت . بەڕای من ، کێشەی سەرەکی لەشکستی شۆڕشی ئۆکتۆبەردا لەوێوە دەست پێدەکات . هەلّبەت کە لینین لەسالّی 1918 دا ئەو ڕاستییە بە باشی دەرک دەکات { بڕوانە نامیلکەی : ئەرکە هەنوکەییەکانی حکومەتی سۆڤیەتات ـ لینن، بلاوکراوە لە ڕۆژنامەی پراڤدا ژمارە 83 ـ 28 ئاپریلّی 1918 } و بۆ ڕوو بە ڕوو بوونەوەیش لەگەلّ هەمان کێشەدا ، لە سالّی 1921 تاکتیکی باجدانان لە سەر شومەک دەگرێتە بەر { بڕوانە نامیلکەی " دەربارەی باجی شومەک ـ لێنین ـ ئایاری 1921 } و لە سالّی 1921 یشدا،کە سۆڤییەت لە جەنگی ناوخۆیی ڕزگاری دەبێت و قۆناغی کۆمۆنیزمی جەنگی کۆتایی پێدێت، نەخشەیەکی ئابوری نوێ، یان " سیاسەتی ئابوری نوێ " دادەڕێژرێت . بەپێ ئەو نەخشە ئابورییە ( سیاسەتی ئابوری نوێ ) دەبێت دەولّەت لەهەموو بوارەکانی ژیانی ئابوریدا تدخول بکات و دەولّەت وەک خاوەنێک ڕۆلّی خۆی ببینێت لە پرۆسەی بەسەرمایەداریکردنی ئەو ناوچانەدا کە پاشماوەکانی شێوەی بەرهەمهێنانی پێش لەسەرمایەداری تیایاندا زالّە . ئەوەش وەک ئالگۆیەک لە سەرمایەداری دەولّەتی ئەلّمانیاوە کۆپییە دەکات کە توانیویەتی ئابوری سەرمایەداری ئەلّمانییە گەشە پێبکات .لێرەدا بەپێویستی دەزانم کە ئاماژەیەکی کورت بە قسەکانی لینین بکەم لەوبارەیەوە . لینین لە شوێنێکدا دەلّێت : { سەرمایەداری دەولّەتی لە بەرانبەر بارودۆخی ئەو کاتەدا ـ مەبەستی لەسالّی1918 یە ـ هەنگاوێک بوو بۆ پێشەوە . ئەگەر لە ولاتەکەی ئێمەدا تەقریبەن تا شەش مانگی دیکە سەرمایەداری دەولّەتی دابمەزرێت ، سەرکەوتنێکی گەورەوکاریگەر دەبێت و گەرەنتییەکە بۆ ئەوەی کە پاش لە یەک سالّ سۆشیالیزم بەشێوەیەکی یەکجاری و شکست نەخوارد و لە سۆڤییەتدا سەقامگیر ببێت ـ لینین : پێنجەمین سالّەی شۆڕشی ڕوس و ئاسۆی شۆڕشی جیهانی ـ لێدوانێک لە کۆنگرەی چوارەمی کۆمینترێندا ، بلاوکراوە لە ڕۆژنامەی پراڤدای ژمارە 258 ، 15ی نۆڤەمبەری 1922 } . لە شوێنێکی دیکەیشدا دەلّێت:{ دەولّەتی پرۆلیتاریا بەبێ ئەوەی کە ناوەڕۆکی خۆی بگۆڕێت، دەتوانێت ئازادی بازرگانی و گەشەکردنی سەرمایەداری تا ڕێژەیەکی دیاریکراو و ئەویش تەنها لە هەلومەرجێکی ڕێگا پێدراودا ، کاری بازرگانی و سەرمایەداری کەرتی تایبەتی لە دەولّەتدا ڕێکبخات ـ لینین : دەربارەی ڕۆلّ و ئەرکەکانی سەندیکاکان لە هەلومەرجی سیاسەتی نوێدا ، 12 جەنیوەری 1922 }. ئەو کۆپیە کردنەی لێنین و بەلشەفییەکان لە سەرمایەداری دەولّەتی ئەلّمانیای ئەوسەردەمە،بەڕاستی دەلّێم کە لەگەلّ لۆجیکی مارکسیزمدا بۆ جێگیرکردنی ئابوری سۆشیالیستی تەباو گونجاونییە ... بەهەرحالّ ، زۆرێک پێان وایە کە ئەگەر لێنین لە ژیاندا بمایە ، چارەنوسی شۆڕشی ئۆکتۆبەر وسۆشیالیزم بەو حالّە نەدەگەیشت کە ئێمە پێش و پاش لە دەسەلاتی ستالیندا بینمان و ئەوەیش لەم تێزەدا کورت دەکەنەوە کە " هێلّی لینینی لە سۆڤیەتی پاش مەرگی لینین دا نوێنەرایەتی نەکرا " !!... ، بەلام بۆچوونی من شتێکیترە لەو بارەیەوە . کەسایەتییەکان دەتوانن کار لەسەر گۆڕینی ئاڕاستەی ڕووداوە مێژووییەکان بکەن، بەلام بە بوونی کەرەستەی پێویست لە بەر دەستیاندا بۆ گۆڕینی ئەو مێژووەی کە ئەوان لەگەلّیدا بەرەو ڕوون . هەلّبەت کە لە دوالێکدانەوەیشدا ئەوە هەلومەرجی ئابوری و کۆمەلایەتی کۆمەلگایە کە لە قۆناغێکی دیاریکراودا کەسایەتییەکان و کەرەستە پێویستەکان بۆ گۆڕینی خۆی دروست دەکات . لینین لە ژیاندا بمایە یان نەمایە ، نەدەتوانرا بەر بەو پرۆسێسە ماددییە بگیرێت کە بەپێچەوانەی خواست و نییەتی

لێنینەوە کۆمەڵگەی ڕوسیای بەرەو شوێنێکی دیکە دەبرد . ئایا ئەو کەسانە بە ووردی سەرنجیان داوەتە سەر هێڵی لینینی بۆ گۆڕانی ئابوری کۆمەڵگەی سۆڤیەتی ئەو سەردەمە بەرەو ئابورییەکی سۆشیالیستی ؟ هێڵی لینینی و سیاسەت ونەخشەی ئابوری نوێی باش کۆمۆنیزمی جەنگی ، هەمان سەرمایەداری دەوڵەتیە ....بەبڕوای من، ئەو بۆچوونەی کە شکستی شۆڕشی ئۆکتۆبەر و سۆشیالیزم دەبەستێتەوە بە شەخسی لێنینەوە، بۆچونێکی تەواو ئیرادەگەریانەیە و بەپێچەوانەی تێڕوانینی ماتریالیزمی مێژوووییەوە و سەرئەنجامیش شتێکی ڕوون و بەڵگەیەکی ڕاست و ئاقلآنەمان ناداتە دەست هەم بۆ شکستی ئەو شۆڕشەو هەم بۆ بەدەستهێنانی ئەزمونی نوێ لەوەی کە لە سۆڤیەتداڕوویدا و ڕابورد... پاش ئەم سەرنجە گشتیانە، دەمەوێت بگەڕێمەوە سەر سکەی ئەسڵی باسەکەمان . وەک وتم ، هەرگیز لە سۆڤیەتدا سۆشیالێزم لە ڕووی ئابورییەوە دانەمەزراوە . سادەترین و کورترین پێناسەی مارکس بۆ ئابوری کۆمەڵگەی سۆشیالیستی ئەمەیە کە دەڵێت : " لە هەرکەس بەبڕی کارەکەی و بۆ هەرکەس بەبڕی تواناییەکەی ( بڕوانە ڕەخنە لە بەرنامەی گۆتا ـ مارکس ) لە ڕوسیای سۆڤیەتادا ، هەرگیز ئەو تێزەی مارکس پراکتیزە نەکرا . کەواتە لێرەدا سۆشیالیزم قسەیەکی پووچ و بێناوەڕۆکە . کاتێک کە ئابوری و ژێرخانی کۆمەڵگە سەرمایەداری بێت، بەدڵنیاییەوە سەرخانە سیاسییەکەیشی دەبێت ڕەنگدانەوەی پەیوەندییە ئابوری و ژێرخانییەکان بێت . کاتێک لە سۆڤیەتی سەردەمی لێنین و دواتردا، ئابوری سەرمایەداری بوونی هەیە، دەوڵەتیش وەک بەشێک لە پەیوەندییە سەرخانییەکان، دەبێت ڕەنگدانەوەی پەیوەندییە ئابوری و ژێرخانییەکان بێت و هەنگاوبەهەنگاو دەسەلآتی سیاسی لە دەستی شوراکان و چینی کرێکار وەربگیرێتەوەو دەوڵەت هەموو ژیانی سیاسی ، فکری و ئابوری کۆنترۆڵ بکات و سەرئەنجام کەسێکی وەک ستالینیش ببێتە ناوەندی بڕیاردانی مەسەلە ئابوری ، سیاسی و فکرییەکانی کۆمەڵگەی سۆڤییەتی . لێرەوە دەگەینە ئەم ئەنجامە کە ئەوەی لە سۆڤییەتدا ڕوویدا ، سۆشیالیزم نەبوو ، بەڵکو سەرمایەدارییەکی دەوڵەتی بەرنامەڕێژکراو بوو کە توانی بۆ ماوەی زیاتر لە حەفتا ساڵ درێژە بە ژیانی خۆی بدات . بەکورتی بڵێم، ئەوەی کە هاتە بوونەوە لەسۆڤیەتدا، سۆشیالیزم نەبوو، بەڵکو سەرمایەداری دەوڵەتی وەستاو بوو لەسەر بنەمای ئیستبداد و دیکتاتۆریەت . ئەوەیش کە مرد، سەرمایەداری دەوڵەتی ژێرناوی سۆشالیزم بوو، نەک سۆشیالێزمی مارکس .

سەبارەت بە لایەنی دووەمی پرسیارەکەتان ، پێویستە ئەوە بڵێم کە مارکس لە گوناهی هەموو هەڵەو کەموکوڕییەکانی بەڵشەفییەکانی ڕوسیا و تەنانەت گشت مارکسییەکانی جیهانیش بەدەرە ، چونکە ئەوەی لە سۆڤییەتدا ڕوویدا شتێکە و تیۆری مارکسیزمیش شتێکیترە . ئۆباڵی ئەو هەرەسە لە ئەستۆی مارکسدا نییە و هەرکەسێکیش ئەو ئۆباڵە لە ئەستۆی مارکسدا دادەنێت بە هەڵەدا چووە . ئەمە وەک ئەوە وایە کە بڵێین هەرەسهێنانی ئیمپراتۆرییەتی ڕۆمای کۆن ، ئۆباڵەکەی لە ئەستۆی عیسادایە ، یان بڵێین هەرسهێنانی ئیمپراتۆریەتی ئیسلامی عوسمانیش ئۆباڵەکەی لە ئەستۆی محەمەدی ئیسلامدایە . ئایا ئەو بەراوردکردنە ، بەراورد کردنێکە کە لەگەڵ ئەقڵی ساغ و سەلیمدا دەگونجێت ؟

**دەنگەکان: لەڕۆژگاری ئەمڕۆ دا ، ئێوە چۆن دەڕواننەچەمکەکانی : - دیکتاتۆری پرۆلیتاریا، کۆمۆنیزم ؟**

**تاهیرسالْح**: با سەرەتا لە بەشی دووەمی پرسیارەکەتانەوە دەست پێبکەم کە زۆر ڕوون نییە لەلام . ئەگەر مەبەستان لە کۆمۆنیزم، قۆناغی کۆمەڵگەی کۆمۆنیستی دوای سۆشیالێزمەو ئەوەی کە مارکس بە فازی دووەمی کۆمۆنیزم ناوی دەبات ، یان ئەگەر مەبەستتان لەشۆڕشی کۆمۆنیستییە، من بڕوام وایە ئەوەی کە مارکس لە کتێبی ئایدۆلۆژی ئەڵمانییەکەیدا دەربارەی پێشمەرجە مادییەکانی شۆڕشێکی کۆمەلآیەتی ـ کومونیستی پێشبینی کردووە، ئەمڕۆ ئامادەیە و مێژووی مرۆڤایەتی بووەتە ئەو مێژووە جیهانییە کە ئەو لەوێدا پێشبینی کردووە .

## تاهیرسالّح شەریف لەوەڵامی " دەنگەکان " دا

ئەوەی کە نا ئامادەیە هەلومەرجە زاتییەکانی ئەو شۆڕشەیە . ئەگەر مەبەستیشتان لە کۆمەلگەی کۆمۆنیستییە، تەناتە مارکسیش نەچووەتە سەر وێناکردنی کۆنکرێتی ئەو کۆمەلگەیە و تەنها ئەوەندەی وتووە کە کۆمەلگەی کۆمۆنیستی، کۆمەلگەیەک دەبێت کە ژیان لە سەر بنەمای ئەم تێزە " لە هەرکەس بە پێی تواناییەکەی و بۆ هەرکەس بە پێی پێویستییەکەی " ڕێکدەخرێت . من لە بارەی شێوەی ژیان لەو کۆمەلگە کۆمۆنیستییەدا کە مارکس بە دیاریکراوی لە کتێبی ئایدۆلۆژیای ئەلّمانی ونامیلکەی ڕەخنە لە بەرنامەی گۆتادا ئاماژەی پێداوە ، کە نە دەولّەت ، نە چینەکان و نەسنورەکان دەمێنێت و تەنانەت سیاسەت و فەلسەفەیش، وەک بەشێک لە مەعریفەی بەشەری ئەمڕۆ، لەو کۆمەلگەیەدا زەرورەتییان نامێنێت و زانستی ڕاستەقینە جێگایان دەگرێتەوە ، یان ئەوە کە کێشەی نێوان مرۆڤ و سروشت دەبێتە تەوەرەی سەرەکی کێشەی ژیان ، هیچ نازانم و تەنانەت ئەوانەیشم وەک کۆمەلێک خەیالّ و ڕوئیای زانستی دێتە بەرچاو کە ڕۆژگارێک دێت و مرۆڤ لەگەلّیاندا بەرەو ڕوو دەبێت . دیسان ئەگەر مەبەستیشتان لە کۆمۆنیزم ئەو جولاّنەوە سیاسیانەیە کە بەدوای مەرگی مارکس وئینگلّسدا دەرکەوتوون ، لە ڕاستیدا " کۆمۆنیزم " دزێوترین ناوی ئەو بزووتنەوانەیەکە بەرگوێمان دەکەوێت ، چونکە سەرمایەداری بە هوشیارانە و بە پێی بەرنامەیەکی دیاریکراو ، توانی بە بەکارهێنانی ناوی کۆمۆنیزم ، تێکشکێنترین زەربە لەپەیکەری کۆمۆنیزم بدات وکۆمۆنیزم وەک جولاّنەوەیەکی ئینسانی ورزگاریبەخش قێزەون بکات، ئەویش لە ڕێگای ئەو هەموو کردەوە دڕندانەو تاوانکارییەوە کە دەولّەتەکان و حیزبە سیاسییە بە ناو کۆمۆنیستییەکان لە حەفتا سالّی ڕابردوودا ئەنجامیان داوە ... بەهەرحالّ ، بگەڕێینەوە سەر بڕگەی یەکەمی پرسیارەکەتان . بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری وەلاّمی پرسیارەکەتان ، بە پێویستی دەزانم ئەوەتان بە بیر بهێنمەوە کە هەموو جۆرە چەمکێکی" دیموکراتی " ، لە دوو بەش پێکدێت : بەشێکی " دیکتاتۆری "یە و بەشەکەی دیکەیشی " ئازادی "یەکی قەیدوبەند بۆدانراوە . تیۆریسێنەکان و سیاسەتمەدارانی بۆرژوازی لەوبارەیەوە خەلّکی چەواشە دەکەن و ئەو ڕاستییە نادرکێنن کە چەمکی " دیموکراتی " لە هەمان " کاتدا چەمکی " دیکتاتۆری"یشە. خۆتان سەرنج بدەنە سەر دیموکراتیترین دەولّەتە سەرمایەدارییەکانی دنیای ئەمڕۆ. سەرنجی ئەمریکا بدەن کە لە ژێر ناوی چەسپاندنی " دیموکراتی "دا خەریکی داگیرکردن وێرانکردنی ولاّتانی دواکەوتووە . لە ئەمریکادا چ جۆرە دیموکراتییەتێک دەبینن ؟ چەندەیە کە دەگوترێت لە ئەمریکادا ئازادی مانگرتن ، خۆپیشاندان ، ئازادی ڕۆژنامەگەری و بیروڕا هەیە و ئەوانەیش بە پێوەرەکانی دیموکراتی بوونی دەولّەتی ئەمریکی و ڕژێمی سیاسی ئەو ولاّتە دەزانرێت، بەلاّم ئێمە بینیمان کە هەر لەو ئەمریکا دیموکراتییەدا چۆن لەلایەن پۆلیسەوە هێرشکرایە سەر خۆپیشاندەرانی دژی جەنگ، لەکاتی ڕوودانی 11ی سێپتەمبەردا. سەرنووسەری ڕۆژنامەیەکیش لەسەر وتارێک لە پیشەکەی دورخرایەوە و بێکارکرا و زۆرشتی دژی ئازادیتریش ڕوویاندا . سەرنج بدەنە سەر بەریتانیا و سالّی 1984 ( ئەگەر بەهەلّەدا نەچوو بم لە دەستنیشانکردنی سالّەکە ، چونکە لەڕاستیدا باش بیرم نەماوە ) بهێنەوە یادی خۆتان کە چۆن دەولّەتی سەرمایەداری ئینگلیز پۆلیس بەردایە گیانی کرێکارانی معادنەکان کە بۆ زیادکردنی کرێ دەستیاندابووە مانگرتن و خۆپیشاندان ... لەو ڕووەوە نموونە زۆرن کە ئەوە دەسەلمێنن تا ئەو کاتەی مەترسی نەکەوێتە سەر دەسەلاّتی سەرمایەداران و دەولّەتەکانیان،دیموکراتییەکی ڕووکەشی لەکۆمەلّداهەیە، بەلاّم لەوە دەربچێت، ئیتردیکتاتۆریەتی سەرمایەداری بەبێ پەردە کاری خۆی دەکات . دیکتاتۆریەتی چینی سەرمایەدار ، کە خۆی لە دەولّەتانی سەردەمدا پێناسە دەکاتەوە، دیکتاتۆریەتێکە کە بەتوندی و بەبێدنگی لە پشتی زاراوەو چەمکی " دیموکراتی "یەوە کاری خۆی دەکات .دیکتاتۆریەتی سەرمایەداری، بەرینترین " ئازادی "یە بۆکەمایەتییەکی کەم لەکۆمەلگەدا، کەئەویش چینی سەرمایەدارە ، لە هەمانکاتیشدا بەرینترین " دیکتاتۆری " یە بۆ چینی کرێکار و کۆمەلاّنی خەلّکی هەژاری ژێر زنجیری ئەم ڕژێمە. ئەگەر ئەم کێشەیە هەلّبگێڕینەوە بە دیوەکەی دیکەیدا، ئەوا ئەو کات بە ڕاستی مەفهومی " دیکتاتۆری پرۆلیتاریا " یش دەگەین . دیکتاتۆری پرۆلیتاریا ، بەوشێوەیەی کە مارکس لە کتێبی " جەنگی ناوخۆیی فەڕەنسا " و " ڕەخنە لە بەرنامەی گۆتا "دا ڕوونی کردووەتەوە و لێنیش لە کتێبی " دەولّەت و شۆڕش "کەی و" شۆڕشی پرۆلیتاری و کاوتسکی مورتەد "کەیدا تەفسیر و شەرحی ڕوانگەی مارکسی کردووە لە مەڕ " دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا "، من بەش بەحالّی خۆم قسەیەکم بۆ ڕەتکردنەوەی ئەو نییەو لەڕووی

مەبدەئی و تیۆریەوە ،دیکتاتۆری پرۆلیتاریا، کە لە هەمانکاتدا بەرینترین دیموکراتییە بۆ چینی کرێکار و زۆربەی دانیشتوانی کۆمەڵگە ودیکتاتۆریەتیشە بەرانبەر بەهەوڵەکانی چینی سەرمایەدار بۆ ئەوەی کەکۆمەڵگەی سۆشیاڵیستی نەڕوخێنن و دەسەلاتی دیکتاتۆرانە ونا عادیلانەی خۆیان نەسەپێننەوە بەسەر زۆربەی کۆمەڵگەدا، قەبوڵمەو بڕوایشم وایە کە مارکسیستەکانی جیهان دەبێت جارێکیتر لە سەر ئەو مەقولەیە پێدابگرنەوە و لە ڕێگای ڕەخنەگرتن لە دیکتاتۆری بۆرژوازی پێچراو لە لەفافی دیموکراتییەتەوە ، دیکتاتۆری پرۆلیتاریا وەک بەرزترین و بەرفراوانترین شێوەی دیموکراسی کرێکاری بهێننەوە یادی خەڵک و ئەو وێنە شێواوەی کە چینی بورژوازی ، جۆرناڵیزم و ئەکادیمیەکانی لە مەڕتێزی " دیکتاتۆری پرۆلیتاریا "مەکەی مارکس خستویانەیتە بەر دیدەی گشتی و ڕوانگەی مارکسیان لەو بارەیەوە تەحریفکردووە، جارێکیتر بهێننەوە سەر سکەی ئەسڵی خۆیی و ڕوانگەی ڕاستەقینەی مارکس لەو بارەیەوە دووبارە (لەسەر ئاستیکی ڕەخنەییدا لە دیکتاتۆری بۆرژوازی ) ڕوونتربکەنەوە .خاڵێکیتر کە بەگرنگی دەزانم بیرتان بهێنمەوە ، ئەمەیە کە ڕەنگە هیچ کەس وجولانەوەیەکی سیاسی لە دنیادا نەبێت کە هێندەی مارکس ومارکسیستەکان بەرگرییان لە مافە دیموکراتییەکانی گشت خەڵک کردبێت لە بەرانبەر هێرشە دیکتاتۆری و ئیستبدادییەکانی دەوڵەتە سەرمایەدارییەکانی سەدەی نۆزدەهەم و بیستەمدا کە کردوویانەتە سەر مافە دیموکراتیکەکانی خەڵکی جیهان. بەرگرییەکانی هەرسێ ئینتەرناسیۆنالیستە کومونیستییەکە لە مافە دیموکراتییەکانی خەڵک ، نزیکەی چارەکە سەدەیەک خەباتی حیزبی سۆشیالّ دیموکراتی و دواتریش بەلّشەفییەکان لەدژی دیکتاتۆریەت و ئیستبدادی ڕژێمی قەیسەری ڕوسیا، خەباتی مارکسیسەتە ئەلّمانی و ئیتالییەکان لەدژی دیکاتۆریەت و فاشیزمی سەرمایەداری ولاتەکانیان و تەنانەت زیندانیکردن ، دیلکردنی مارکسیەکان و بەدیلگرتن وکوشتنی ڕۆزالگزەمبۆرگ و کارل لێبنیخت ، شایەتی ئەوە دەدەن کە مارکسیەکان چ قوربانییەکیان لە پێناوی دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگەکانیاندا داوە و ئێستایش سەرمایەداری ئەو پێشێلکاریانەی کە لە مێژووی ڕەشی خۆیدا بەرانبەر بەمافەدیموکراتییەکانی خەلّکی دنیا ئەنجامیداوە ، چۆن بە نرخی " دیموکراتی " بە مرۆڤایەتی دەفرۆشێتەوە . دیموکراتی چەکێکە کە دەکرێت بەدژخودی سەرمایەداری بەکار ببرێتەوە و مارکسیزمی ئەمرۆکەلەم بوارەیشدا خۆی پێناسە بکاتەوە .

**دەنگەکان:** دەوری مارکسیزم لەسەر چەپی کورد لە رابردوو ئێستادا چۆن دەبینن ؟

**تاهیرسالّح:** بەڕای من ، واجوانترو ڕاسترە کـە پرسـیارەکەتان بـە دیوەکەیتریـدا هەڵبگێـڕینەوە و لـە خۆمـان بپرسین کە : دەوری چەپی کورد لەسەر مارکسیزم چـی بـووە ؟ چاوگێڕانێـکی خێـرا بەسـەر مێـژووی چـەپ لـە کوردستاندا ، ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە ئەو جوولانەوەی خۆی بە " چەپ " ناساندووە و بە ناوی سۆشـیالیزم و مارکسیزمەوە لە کۆمەڵگەی کوردستاندا کاریکردووە ، هەموو جۆرە چەپێک بووە ، بەلام مارکسیست نەبووە و بـە خوێندنەوەیەکی ووردی مێژووەکەیشی ، تەنانەت دەتوانرێت ئەوە ڕوونبکرێتەوە و بسەلمێنرێت کە ئەو چـەپە لـە دژی بیروڕاکانی مارکسیش کاریکردووە . بەشێک لە چەپەکانی کوردستان کە سەردەمێک لە نـاو حیـزبی شـیوعی عێراقیدا کاریان کردووە ، بەکردەوە دوای حیزبێک کەوتوون کە خـۆی وابەسـتە وسـەربە حیزبێـکی دژی مارکسـی بووە . حیزبی شیوعی عێراقی کـە هـەموو تەوجیهاتێـکی لـە KGB یەکـەی حیـزبی کۆمۆنیسـتی سـۆڤیەتەوە وەردەگرت، لە ڕاستیدا ئەرکی تەنها ئەوە بووە کە مارکسیزم لە عێراقدا بەشێوەی سۆڤیەتییەکی فێری خەڵک بکات ، کەئەوەیش بۆخۆی بەکردەوە دژایەتیکردنی مارکس و تیۆری ڕاسـتەقینەی مارکسـیزم بـووە . بـە ڕاسـتی و بـە ڕاشکاوانە دەیلێم کەمارکس و تیۆری مارکسیزم لەبەردەمی هەڵوێستە سیاسییەکانی حیزبی شیوعی عێراقیدا ، کـە لە ماوەی 60 تا70 ساڵی ڕابردوودا لەخۆی نواندووە ، شەرمەزار دەبێت . چەپی دوای حیزبی شیوعی و ڕەخنـەگر

## تاهیرسالح شەریف لەوەڵامی " دەنگەکان " دا

لەو حیزبەیش ، کە لە گروپ و ڕێکخراوەکانی وەک :{ کۆمەڵەی مارکسی ـ لینینی " کۆمەڵەی ڕنجدەرانی دواتر " ، کار ، یەکێتی تێکۆشانی کارگەران ، بەرەی ڕزگاری زەحمەتکێشان (بەرزە) ، ڕەوتی کۆمۆنیست ، ئاڵای شۆڕش ، دەستەی پێشڕەوانی پرۆلیتاریا ، سەرنجی کرێکار ، یەکیتی خەباتی کۆمۆنیزمی کرێکاری ، دواتریش حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری و یەکێتی کۆمۆنیستەکان لە عێراق }دا خۆی دەردەخاتەوە ، ئەمانەیش هەموویان کاریگەری تێکدەرانەیان لەسەر مارکسیزم هەبووە و بەکردەوە پشتیان لە تیۆری مارکسیزم کردووە و لەباتی گەڕانەوەیان بۆ تیۆرییەکانی مارکس، کەچی هەموو ئیلهامێکی فکری خۆیان لە ماوتسی تۆنگ و " تیۆری سێ جیهانی "یەکەی، یان ترۆتسکی ، یان لە مەنسوری حیکمەتەوە وەرەرگرتووە . چەپ لە کوردستاندا ئاگای لە تیۆرییەکانی مارکس نەبووە و نییە و تەنانەت دژایەتی هەرجۆرە هەوڵکیشیانکردووە کە لەو ڕێگایەدا درابێت ، کە ئەو هەڵوێستەیشیان بەکردەوە چووەتە خانەی دژایەتیکردنی مارکس و مارکسیزمەوە . چەپی کوردستان بەگشتی لە ڕووی تیۆری و مەعریفییەوە ، چەپێکی نەخوێندەوار { مەبەسم ئەوەنیە کە کەسەکانی ناو ئەم بزووتنەوەیە زانکۆ و پەیمانگەکانیانی عێراقیان تەواو نەکردبێت ، بەڵکو بەپێچەوانە زۆربەی زۆریان خوێندنی باڵایان تەواوکردووە و کەسانی تەکنۆکراتن ، مەبەستم لە نەخوێندەواریان لە مارکسیزم و ڕۆشنبیری گشتییە } و بێ مەعریفەیەو لە هەژاری تیۆریدا نوقم بووە و جگە لە کۆمەڵێک دروشمی قۆڕو بێناوەرۆکی سیاسی ، کە توتی ئاسا دەیڵێتەوە شتێکی تر نازانێت . هەرخودی کلکایەتی کردنی سیاسی و فکری ئەو چەپە لە تیۆریستە چینییەکان و ئێرانییەکان ، نیشانەو بەڵگەی هەژاری و بێ مەعریفەیی چەپی ناوبراوە . جەنابی خۆی بە سکرتێر و ئەندامی ناوەندی حیزبێک و گرووپێک دەزانێت و پۆزی ئەوەمان بەسەردا لێدەدات کە سۆشیالیزم و حکومەتی کرێکاری (!!) دادەمەزرێنێت و کۆمەڵگەو مێژوو دەگۆڕێت (!!)، کەچی تا ئێستا دوو لاپەڕی لە کتێبی کاپیتاڵ و ئایدۆلۆجیای ئەڵمانی نەخوێندووەتەوە . کاتێک باسێکی لەسەر فەلسەفە و ئابوری مارکسیزمدا لەگەڵدا دەکەیت ، تەقەی مێشکی یەت و باوێشک بە دیار قسەکانتەوە دەدات . ئیتر ئەوە مەهزەلەیە ، نەک مارکسیەت ، کە ئاگات لەوە نەبێت جیهانبینی و فەلسەفەی مارکسیزم چییە و مارکس دەربارەی یاساکانی گۆڕانی کۆمەڵگەو مێژوو چی وتووەو چی پێشنیارکردووە ، بەڵام لەهەمانکاتیشداخۆت بە مارکسییەکی عەیارە بیستوچوار بزانیت . بە تەحداکردنەوە لە کادرەکانی ڕابەری چەپی ناوبراو دەپرسم کە کامیان توانیوویەتی لێکۆڵینەوەیەکی ئابوری و فەلسەفی ، بەشێوەی نامیلەکەیەک و کتێبێک لە سەر کێشە ئابوری و فەلسەفییەکانی دنیای ئەمڕۆ بنووسێتەوە ؟ کامیان هاتووە کە لە ڕوانگەی مارکسیزمەوە ڕەخنەیەک لە قوتابخانە فکرییەجۆراوجۆرەکانی سەرمایەداری هاوچەرخ بگرێت و بە شێوەی کتێب و نامیلکەیەک بیخاتە بەردیدەی خوێنەری کورد ؟ کامیان ئاگای لەوە هەیە کە لە دنیادا چی دەگوزەرێت و چی قەوماوەو چی دەقەومێت ؟ کاتێک مرۆڤ سەرنج دەداتە سەر مێژووی مارکسیستە ئەڵمانیەکانی دوای مارکس ، یان مارکسیستە ڕوسییەکان و ئیتاڵیاییەکان ، بەڕاستی لە توانایی فکری و لە دەوڵەمەندی ئەوان لە بواری فەلسەفە ، ئابوری ، سیاسەت ، مێژوو ، ئەدەب و هونەردا سەرسام دەبێت . سەیری مناقشاتە فەلسەفیەکانی نێوان بلیخانۆف و لینین بکەن کە لە گەڵ برنشتاین، پۆپۆلیستەکان و دواتریش لەگەڵ ماخیست و مارکسییە شەرعییەکانی ڕوسیادا ئەنجامیانداوە، سەیر ئەنگلس بکەن بۆ ئەو ڕەخنە قوڵەی کە لە دۆهرینگی گرتووە، سەیری باسەکان کاوتسکی ڕۆزالگزامبرگ بکەن ، سەیر باسەکانی گرامشی و لۆکاچ ، ترۆتسکی وتاد... بکەن و بزانن کە ئەوانە خاوەنی چ سەرمایەیەکی مەعریفی و فکری بوون ؟ ئەو مارکسیستانە لە کوێ و ئەم چەپە بێ مەعریفەو نەخوێندەوارەی کورد لەکوێ ؟ ئەو چەپە هەموو کاریگەرییەکی دیکەی لەسەر بووە ، تەنها کاریگەری مارکسیزم نەبێت ، بەڵکو بگرە ئەو کاریگەری وێرانکەریشی لەسەر مارکسیزم هەبووە . ئیتر با چاوپۆشیش لە هەڵوێستە سیاسییە جوانەکانیشیان بکەین لە بەرانبەر کێشەی گەلی کورد و کێشەکانی دیکەی ناوکۆمەڵگەی کوردستاندا ، یان با چاپۆشی لە هەڵپەرەستی و ئەقڵی خێڵەکیانە و بەرژەوەندپەرستی فەردی و گرووپیشیان بکەین ، کە بەڕاستی مرۆڤ شەرمەزاردەکەن بەخۆی بڵێت :چەپ و کۆمۆنیست .

## تاهیرسالّح شەریف لەوەڵامی " دەنگەکان " دا

ماوەتە لە کۆتاییدا سوپاسی بەڕێزتان بکەم بۆ ئەو بوارەی کەبۆتان ڕەخساندم تا بە پەلەو بەخێرایی بیرو ڕای خۆم لەبارەی ئەو مەسەلانەوە بخەمە ڕوو کە لە پرسیارەکانتاندا وروژاندبوونتان . هەروەها داوای لێبوردنیش دەکەم ئەگەر بەهۆی کەمبوونی کاتەوە نەمتوانیبێت وەڵامی پێویستتان بدەمەوە، یان وەڵامەکان لەڕووی ڕێنووس و داڕشتنەوە ئیشکالیەتێکیان تێدا بەدی بکرێت . دووبارە سوپاس بۆ ئەرک و ماندوو بوونتان .

**13 ی مارچی 2005**